

وەزارەتی کاروباری دەرەوەی

# سیستمی ژینگەیی بۆ پێشەنگخوازان

## خولی راهێنانی شەراکە (Shiraka) بۆ گەشەپێدانی پیشەیی

**هۆڵەندا کارمەندانی حکومی و پێشەنگخوازان لە فەڵەستین و عێراق بانگهێشت دەکات داوا پێشکەش بکەن بۆ بەشداریکردن لە پرۆگرامی گەشەپێدانی پیشەیی لە خولێکی راهێنانی تایبەت بە رۆڵی حکومەت لە رەخساندنی سیستمێکی ژینگەیی بۆ پێشەنگخوازان لە بواری کارسازیدا.**

ئامانجی پرۆگرامەکە فەراهەمکردنی چوارچێوەیەکە بۆ فەرمانبەرانی حکومەت و خاوەن پڕۆژەو پێشەنگخوازان پەیوەست بە زانیاری و کارامەییەکانی چۆنیەتی باشکردنی ژینگەیەکی تواناپێدان بەم پێشەنگخوازانە. لەم چوارچێوەیەدا، بەشداربووان گرفتێک رەچاودەکەن لەناو سیستمی ژینگەیی پێشەنگخوازانیان لەپێناو چارەسەرکردنی. ئەم پرۆسەیە بەڕێوەدەچێت لەژێر چاودێری راهێنەرو شارەزاکانی پرۆگرامەکە. هەروەها ئامانجی ئەم راهێنانە بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی بەشداربووانە لەگەڵ خاوەن بەرژەوەندییەکان لەناو سیستمی ژینگەیی پێشەنگخوازانی هۆڵەندا.

### پرۆگرامی گەشەپێدانی پیشەیی سیستمی ژینگەی پێشەنگخوازان

ژینگەیەکی باشی کارسازی هۆکارێکی گرنگە بۆ رەخساندنی کارو پڕۆژەی تازە هەروەها گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ پەرەپێدانی ئابووری ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا. هاوکات حکومەتیش رۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە فەراهەمکردنی هەلومەرجی گونجاوو هاندەر بۆ کارکردن. لەسەر حکومەت پێویستە بەر لەهەر شتێک ژێرخانێکی بنچینەیی دەستەبەر بکات وەک گەیشتن بە شارەکان و ناوچەکان بە ئاسانی ،دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاری پەروەردەیەکی باش هەروەها ئاسانکاریەکانی دیکەی وەک کارەباو گواستنەوەو گەیاندن. سەرەڕای ئەوەش، لەسەر حکومەت پێویستە ستراتیژی بە ئامانجکراوی هەبێت بۆ خاوەن کارو کۆمپانیا تازە دامەزراوەکان لە رێگای یاساو رێساکان، دەستگەیشتن بە زانیاری و سەرمایە، دروستکردنی تۆڕی پەیوەندی و ئاسانکاری کردن بۆ نیشتەجێبوون و هاندانی دارایی. پێویستە هەموو ئەو بابەتانە لەسەر دیدگەو ستراتیژێکی رۆشن ئامادەکرابن بە راوێژکردن لەگەڵ چەندین خاوەن بەرژەوەندی.

### ئامانجەکان

ئامانجی پرۆگرامەکە پاڵپشتی کردنە لە بەشداربووان لە دروستکردنی ئەم ژینگە توانا بەخشە بە خاوەن کارو پێشەنگخوازان. ئامانجی پرۆگرامەکە زۆر بە تایبەتی بەدیهێنانی ئەم ئەنجامانەی خوارەوەیە:

- دروستکردنی وێنەیەکی باشی کاریگەریە (نیشتیمانیەکان) لەسەر پێشەنگخوازان و دامەزراوەکانی پێگەیاندن.
- زیادبوونی زانیاری و بەرچاوڕوونی پەیوەست بە ئاسانکاری کردن بۆ رەخساندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ پێشەنگخوازان لە دیدی دامەزراوەیی و ستراتیژیەوە.
- تێگەیشتن لە پێکهاتەکانی ژینگەیەکی لەبارو باش هەروەها دەسوتپێشخەریەکانی بەدیهێنانی ئەم پێکهاتانە.
- خستنەڕووی دیدگەیەکی باشتر پەیوەست بە رۆڵ و ئەرکەکانی لایەنە پەیوەندارو خاوەن بەرژەوەندیەکانی ئەم سیستمە ژینگەییە وە چۆنیەتی کارکردنیان بە یەکەوە بە شێوەیەکی باشتر.
- دروستکردنی کارامەییە پێویستەکان بۆ بەجێهێنانی ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانیان بە شێوەیەکی کاریگەر وەک " فاکتەری گۆڕانکاری".
- دانان و جێبەجێکردنی پلانێکی کارکردن کە هانی پێشەنگخوازان بدات.
- دروستکردنی تۆڕێکی پەیوەندی لەنێوان بەشداربووان و راهێنەران و میوانانی قسەکەر بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و هەندێک ئامۆژگاری کردارەکی لەم بوارەدا لەپێناو هاندانی پێشەنگخوازان.

### ناوەڕۆک و تێڕوانینی گشتی دەربارەی ئەم خولەی راهێنان

- پرۆگرامەکە بۆ ماوەی یەک ساڵە. پێکهاتووە لە کۆمەڵێک وێرکشۆپی مەشق و راهێنان لەناوەوەی ووڵات و لە هۆڵەندا. لەنێوان وێرکشۆپەکانیشدا، چاوەڕوانکراوە لە بەشداربووان پلانەکانی کارکردنیان ئامادەبکەن و هاوکات لەگەڵ ناسینی خاوەن بەرژەوەندییەکان، بتوانن پلانەکانی کارکردنیان جێبەجێبکەن.
- قۆناغی یەکەم: خولێکی راهێنانی چوار هەفتەیی لە رێگەی ئینتەرنێت تایبەت بە وێناکردنی نەخشەی سیستمی ژینگەیی بۆ کەسە پێشەنگەکان.
- قۆناغی دووەم: خولێکی راهێنانی یەک هەفتەیی لە ووڵاتانی بەشداربووان خۆیان. بەشداربووان هەڵدەستن بە تێڕوانین لە سیستمە ژینگەییەکان بۆ کەسە پێشەنگەکان لە ووڵاتەکانی خۆیاندا هەروەها سەردانکردنی لایەنە پەیوەنداره خۆجێییەکان و ئامادەکردنی پلانێکی کارکردن بۆ بەهێزکردنی سیستمی ژینگەیی بۆ پێشەنگخوازان لە بواری کارو بازرگانی.

قۆناغی سێیەم: بەردەوامیدان بە کار بۆ دوو مانگی دیکە بۆ ئامادەکردنی پلانەکانی کارکردن. هاوکات مەشق و ڕاهێنان بەردەوام دەبێت.

قۆناغی چوارەم: ڕاهێنان کردن بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ لە هۆڵەنداو لەم ماوەیەدا بەشداربووان سەردانی چەندین خاوەن بەرژەوەندی هۆڵەندی دەکەن لە بواری پێشەنگی لە کارو بازرگانیدا هەروەها تەواوکردنی پلانەکانی کارکردنیان.

قۆناغی پێنجەم: تەرخانکردنی شەش مانگ بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی کارکردنیان. هاوکات مەشق و ڕاهێنان بەردەوام دەبێت.

قۆناغی شەشەم: بەشداربووان ئەنجامەکانی خۆیان پێشکەش دەکەن بە ئامادەبوونی نوێنەرایەتی هۆڵەنداو خاوەن بەرژەوەندی دیکەی پەیوەندار.

## ڕێکەوتەکان و شوێن و زەمان

**ڕاهێنان لە ڕێگەی ئینتەرنێت**

4 – 29 تەمموزی 2022 – لە ڕێگەی ئینتەرنێت (4 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا).

**ڕاهێنان لە ناوەوەی وولات**

18 – 23 ئەیلولی 2022 – ناوچەکانی فەلەستین

24 – 29 ئەیلولی 2022 – عێراق

**ڕاهێنان لە هۆڵەندا**

24ی تشرینی دووەم – 2ی کانوونی یەکەم، لاهای، هۆڵەندا.

ڕاهێنانەکان بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش دەکرێن لەگەڵ وەرگێرانیان بۆ سەر زمانەکانی کوردی و عەرەبی. پێویستە بەشداربووان کارامەیی باشیان هەبێت لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر هەروەها سیستمێکی باش هەبێت لەسەر کۆمپیوتەرەکە و هێڵێکی باش و خێرای ئینتەرنێت بەردەست بێت لە کاتی ڕاهێناندا. ئەگەر بەهۆی ڕێکارەکانی پەتای کۆڤید-19 نەتوانردرا ڕاهێنانەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو ڕووبەڕوو ئەنجام بدرێن، ئەوا لە ڕێگەی ئینتەرنێت پێشکەش دەکرێت. لەسەر بەشداربووان پێویستە ئامادەی سەرجەم بەشەکانی ڕاهێنان بن بە تەواوی. دوای تەواوکردنی خولی ڕاهێنانەکە، بەشداربووان بڕوانامەیان پێدەدرێت.

## کرێ و تێچوونەکان

حکومەتی هۆڵەندا سەرجەم خەرجییەکانی خولی ڕاهێنان لەئەستۆ دەگرێت. خەرجییەکانی وەک گەشتی نێودەوڵەتی و خواردن و شوێنی حەوانەوەو بیمەو کرێی وانە ووتنەوەو خولی ڕاهێنان.

سەرجەم بەشداربووان بەرپرسیارن لە ڕێکخستن و تێچوونی گەشتکردنیان بۆ فڕۆکەخانەو شوێنی ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان لە وولاتی خۆیاندا. خەرجییەکانی هاتوچۆی ناوخۆیی لە ئاستی بەشداربووان خۆیانە دوای دەرچوونیان لە فڕۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتی لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان بەڵام ئەو بەشەی پەیوەستە بە گەشتی نێودەڵەتیان قەرەبوو دەکرێنەوە. بەشداربووان بەرپرسیارن لە ڕێکخستنی ڕێکارەکانی پێشکەشکردنی داوای ڤیزە وەرگرتن.

## پێشکەشکردنی داوا

پێویستە داواکان لە ڕێگەی ئینتەرنێت و پێش 7 ی ئایاری 2022 پێشکەش بکرێن.

بۆ پێشکەشکردنی داوا سەردانی ئەمماڵپەڕ بکە: http://www.shiraka.nl/en/courses/.

". کرتە بکە Ecosystem for Entrepreneurs بگەڕێ بەدوای "سیستمی ژینگەی پێشەنگخوازان

" لەسەر Apply" و زانیاری تایبەتی خۆت تێخە ئینجا "Register" ، کرتە بکە لەسەر "Login

" و ئەژمێرەکەت دروست دەبێت. بچۆ ناو Register بکە. کرتە بکە لەسەر " Information

پڕکردنەوەی فۆرمی پێشکەشکردنی داوا بۆ "سیستمی ژینگەی پێشەنگخوازان Ecosystem for Entrepreneurs " ئینجا فۆرمەکە بپارێزە. دوای پاراستنی فۆرمی داواکەت، بە سەرکەوتوویی داواکەت پێشکەش کردووە. ئینجا ئیمەیڵێکی دووپاتکردنەوەت پێدەگات.

لە کاتی ئامادەنەبوون و هەڵوەشاندنەوەدا لە ماوەی چوار هەفتە پێش دەستپێکی یەکەم بەشی ڕاهێنانەکە، ڕێکخراو مافی هەیە داوای سەرجەم ئەو پارانە بکاتەوە کە خەرجی کردووە لە خاوەن کاری بەشداربوو.

## پێوەرەکانی شیاوبوون

- پشکنینی کارگێری. بەدەست گەیشتنی سەرجەم بەڵگەنامەکانی پێشکەشکردنی داوا پێش وادەی کۆتایی.
- هاوتاکردنی پۆستی کارەکەو ئامانجەکانی فێربوون لەگەڵ بابەتەکانی خولی ڕاهێنان و هاندەرەکانی.
- 5 بۆ 10 ساڵ ئەزموونی پەیوەنداری هەبێت بەم کارەوە وەک فەرمانبەری حکومی لەبواری پەرەپێدانی ئابووری یان کارکردن لە کەرتی تایبەت یاخود لە بواری پێشەنگخوازی و کارسازیدا.
- پێویستە بەشداربووان ئارەزووی کارکردنیان هەبێت و کات تەرخان بکەن بۆ 1) بەشداریکردن لە سەرجەم چالاکییەکانی ڕاهێنان 2) ئامادەکردن و جێبەجێکردنی پلانەکانی کارکردن.
- پێشتر بەشدار نەبووبێت لە پرۆگرامەکانی خولی ڕاهێنانی شەراکە یاخود ماترا – ساوث Matra-South.

هانی فەرمانبەرانی حکومی ئافرەت دەدەین بۆ داوا پێشکەشکردن هەروەها ڕێز لە هەمەجۆری بەشداربووانمان دەگرین. 12 شوێنی بەردەست هەیە لە هەر وولاتێکدا، کە دابەش دەبن بەسەر فەرمانگەو دامەزراوە پەیوەندارەکان. ئاخاوتن بە زمانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی باش تایبەتمەندییەکی زیدەترە.

## پرۆگرامی ڕاهێنانی شەراکە

خولی ڕاهێنانەکە ڕێکدەخرێت وەک بەشێک لە پرۆگرامی شەراکە، کە دەستپێشخەریەکە لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی هۆڵەندا. پرۆگرامی شەراکە کۆششێکی دوولایی هۆڵەندییە تەرخانکراوە بۆ بەشداریکردن لە پەرەپێدانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا. لە ڕێگەی ئەم خولی ڕاهێنانەی پرۆگرامی شەراکە، وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا دەیەوێت هانی وەرچەرخانێکی بەردەوام بدات و پاڵپشتی لێدەکات لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا هەروەها بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هۆڵەنداو وولاتە بە ئامانجکراوەکان.

> *ئەم خولی ڕاهێنانە هەلێکی ناوازەیە بۆ هەر کەسێک مەبەستی دروستکردنی پڕۆژەیەکی بەردەوام بێت. تیمێکی پیشەگەرن لە کاری خۆیان هەروەها پرۆگرامەکەش زۆر دەوڵەمەندە، بۆیە ئەم هەلە لە دەست خۆت مەدەو ببە بەشێک لەم گەشتە"*
>
> *وەفا بەنتەرەکی، بەشداربوو لە جەزائیر*
>
> *پێشەنگخواز لە بواری زیرەکیی دەستکرد لە جەزائیر*

بۆ زانیاری زیاتر

io@rvo.nl (دەربارەی ئەو پرسیارانەی پەیوەستن بە داتابەیس)؛

info@thehagueacademy.com (دەربارەی ئەو پرسیارانەی پەیوەستن بە خولی ڕاهێنان)

پرۆگرامی خولی ڕاهێنانی شەراکە دەستپێشخەریەکی وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندایە. بەشی پێشەنگی نێودەوڵەتی لە ئاژانسی پرۆژەکانی هۆڵەندا پرۆگرامی خولی ڕاهێنانی شەراکە جێبەجێدەکات. خولی پەرەپێدانی پیشەیی تایبەت بە "سیستمی ژینگەیی پێشەنگخوازان" لە لایەن ئەکادیمیای لاهای بۆ بەڕێوەبردنی خۆجێیی ڕێکدەخرێت.

وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا

Rijnstraat 8

P.O. BOX 20061 / 2500 EB

لاهای، هۆڵەندا.

The Hague Academy *for*
local governance

ئەکادیمیای لاهای
بۆ بەڕێوەبردنی خۆجێیی

ئاژانسی پرۆژەکانی
Netherlands Enterprise Agency